کارەبای سلەمانی نرخی مەلیدە ئەهلییەکان دیاری دەکات



بەووەبەرایەتی گشتی کارەبای سلەمانی ڕایگەیاند، بە ماوەی ڕابردو نرخی یەک کاتژمێر کارەبای مەلیدە لە نێوان 8250 دینار بۆ 9250 دینار دەبێت.

بەووەبەرایەتی گشتی کارەبای سلەمانی ئەمە یەکشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، لیژنەی دیاریکردنی نرخی موولیدە ئەهلییەکان کۆبوونەو و بەپێی نرخی سوتەمەنی لە بازاڕەکاندا نرخی هەر کاتژمێرێک کارەبای موڵیدە بە یەک ئەمپێر (43) دینارە، بەوەش نرخی یەک ئەمپێر کارەبای موولیدەی ئەهلی گەڕەکەکان لە ناوشاری سلەمانی لەنێوان 8250 دینار بۆ 9250 دینار بووە.
ئاماژەی بەوەشکردوە، موڵیدەکان مانگی ڕابردو لە نێوان 195 بۆ 210 کاتژمێر کاریان کردوە، بەڵام نرخی ئەو موڵیدانەی کە لە کاتژمێر 7:00ی بەیانی بۆ 1:00ی شەو کاردەکەن نرخیان جیاوازە.

لیژنەی دیاریکردنی نرخی موولیدە ئەهلییەکان، جەختیان لەوەکردوەتەوە کە لەکاتی کوژاندنەوەی کارەبای نیشتیمانی نابێت کارپێکردنی موولیدە و پێدانی کارەبا بەهاوڵاتیان لە

(10) خولەک زیاتر بخایەنێت، بەپێچەوانەوە خاوەن موولیدەکە سزادەدرێت.

خشتەی کارپێکردنی موولیدەش بۆ مانگی (3) بەمشێوەیە دێبێت

ڕۆژانە لێکاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ تا ١ی شەو کاردەکەن.

کاتژمێر 1:00ی شەو دەکوژێتەوە تا 6:30ی بەیانی.

کاتژمێر 6:30 بەیانی تا 8:00 ی بەیانی کاردەکەن.

کاتژمێر٨:٠٠ی بەیانی تا 12:٠٠ی نیوەڕۆ کارناکەن.